یەحیا قەیسی



# ١٣ ساڵی ژیانی مەحموود دەروێش لە عەمان

(١-٢)

وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی

## ئەو پیاوە وەسیەتنامەی نەنووسیبوو

دوو هەفتە سۆراخی ژیان و سەربردەی مەحموود دەروێشم لە عەمان کرد، سەرەتا کارەکەم زەحمەت بوو، نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەم و لەو کۆششە دەگمە کێندەرێ، پیاوەکە ١٣ساڵ لەو شارەدا ژیاوە، لەوێ پێوەندییەکانی دەگمەن و هەڵبژێردراو بووە، ئەو لە عەمان بە جەماوەرەکەی خۆشحاڵ نەبووە، بە تایبەتی لە دەزگاکانی راگەیاندن، دەبووایە زۆر پرسیار بکەم، هاوڕێیەکانی کێ بوون؟

رۆژانی چۆن بەڕێ دەکرد، لەگەڵ کەسە نزیکەکانی چۆن هەڵسوکەوتی دەکرد، خواردن و خواردنەوەی و ئارەزووەکانی چی بوون؟

کام شوین و هەواری لا خۆش بوو، چۆن نەخۆشکەوت و چۆن نەخۆشییەکەی کوشتی...؟

ئایا چەند دەقەیەک پێش چوونە ناو ژووری نەشتەرگەرییەکە لە "هیوستن"، پێش مردنەکەی چیی گوتووە، وەسیەتی کردووە، یان نا...؟

شوقەکەی چی لێ دێت، کتێبەکانی دەبێتە موڵکی کێ، کەولوپەلەکانی چییان لێ دێت، رەنگە لە ناو دەستنووسەکانیدا کۆمەڵە شیعرێکی بڵاونەکراوەی بدۆزرێتەوە، هەموویان ببنە دیوانێک و دڵنەوایی عاشقانی شیعرەکانی بۆ ئەو کۆستە بکا، پرسیارم زۆر بوو.

لەبەرئەوەی مەرگە لە ناکاوەکەی هەموولایەکی هەژاندبوو! زۆر لە هاوڕێیەکانی بڕوایان بەمردنەکەی نەدەکرد، زۆر کەسیش کە لە نزیکەوە دەیانناسی بۆ هیچ دەزگایەکی راگەیاندنی عەرەبی و بێگانە سەبارەت بەو قسەیان نەکردبوو، یەکێک لەوانە هاوڕێیە نزیکەکەی ئەندازیار و بەڵێندەر "علی حلیلە" ئەوەی بۆ چارەسەرییەکەی ئەوی بردبووە هیوستن لەوێش لەسەر سەرینی مردنەکەشی لەگەڵیدا بووە، لە بەڕێکردنەکەی بۆ عەمان و لە دانانی بەردی ئەلحەدەکەی کەسی یەکەمی سەر سەری بوو، ئەو کلیلی شوقەکەشی لەلا بووە و زۆر لە نهێنییەکانی دەزانی.

یەکێکی تر لە کەسە نزیکەکانی ئەو غانم زریقات بوو، ئەوەی بۆ ماوەی پتر لە چارەکە سەدەیەک سکرتێری یەکێتی نووسەران و ژورنالیستە فەڵەستینییەکان بووە، لەگەڵ مەحموود دەروێش هاوڕێ و دۆستی خێزانیی زۆر نزیکی بووە، تا مردنەکەی بەیەکەوە یاری تاوڵەشیان کردووە، دەروێش نازناوی "آمیجو"ی لێ نابوو، لەو دیمانەیەشدا لەگەڵ چیرۆکنووس "بەسمە نەسوور" شانۆکار "رائید عسفور" و شاعیر "زوهێر ئەبو شایب"و شاعیر "جریس سەماوی" و زۆری تریش، کەسانی واشمان بینی کە ئامادە نەبوون لەو دیمانە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییە بەشداربن، کە بوارە رەخنەییەکان و بینینە تایبەتییەکان دۆسیەکەیان دەوڵەمەند دەکرد، لەوانە رەخنەگر "فەیسەڵ دەراج"و رەخنەگر "محەمەد شاهین"و شاعیر "خەیری مەنسوور"و رەخنەگر "فەخری ساڵح"، بەشێکیش لە شارەزا و کەسە نزیکەکانی دەروێش، کە نووسەر نین، کە من بۆم نەکرا دیمانەکەمی پێ دەوڵەمەند بکەم، وەک خاوەنکاری میسری "سەبیح میسری" و "فاروق قازی" و "مەی بلیبیسی" هاوسەری و کەسانی تریش..! زۆر لەوانە باسی زۆرلایەنی کۆمەڵایەتی و رۆژانەی ئەویان بۆ کردم، لەوانەش ئامادەنەبوون باسی پەنجەرەیەکی گرینگی ژیانی لە پێوەندیی ئەو بە ژن و ئەڤین و دۆستایەتی بەو رەگەزەم بۆ بکەن، یەکێک لەوانە کەسێکی جنتڵمان بوو کە گوتی:

دەزانم ژن تا ڕۆژی مردنەکەی ئامادەیی هەبوو و لەلای ئەو پیرۆز بوو، ئەو عاشقێکی گەورەبوو، ئەوەش لە هەندێ لە قەسیدەکانیدا دیارە، هەمــوو ئەوانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵیاندا کرد بە پارێزبوون لەو مەسەلەیەدا، بە تایبەتی ئەو ژنەی ڕۆژانی شەممە هاتووەتە لای. هەموو لایەک ڕێزی زۆر و پرسەی گەرمیان بۆ دەنارد و ئامادەش نەبوون ناوەکانیان بڵێن، هەندێکیان باسی ئەو لایەنەیان نەکرد، گوتیان ئەوەیان لایەنێکی زۆر تایبەتیی ژیانی خۆی بووە، ناکرێ ئاماژەی پێ بدرێت. ئەو پێش سەفەرەکەی وەک ئەوەی بزانێت ناگەڕێتەوە پارەی مانگانەی ژنە خزمەتکارە فلیپینییەکەیشی دابوو، پارەی دابووە دەرگەوانەی باڵەخانەکەی، بەهەردووکیانی گوتبوو، ڕەنگە من نەگەڕێمەوە.

لە ڕۆژی سەفەرەکەی بۆ ئەمریکا نانی نیوەڕۆییەکەی لە ماڵی غانم زریقات خواردبوو، بەڵام لە ناکاو بۆ ئێوارەکەی بۆ ماڵئاوایی دووبارەی سەردانی کردبوونەوە، ئێوارەی پێشـــووش لە مـــاڵی "تاهیـــر ریاز" نانی خـــواردبوو، بەهاتنی "زوهێـــر ئەبو شـــایب" دانیشتنەکەیان گەرم بووبوو، بەیانی ڕۆژی ٢٨ی یولیوی ٢٠٠٨ لەگەڵ "ئەکرم هەنیە"ی هاوڕێی لە عەمانەوە بەرەو ئەمریکا بەڕێ کەوت، پێشـتـر "عەلی حەلیلە"ی هاوڕێی بۆ پێشوازیکردن و سازکردنی پێویستییەکانی نەشتەرگەرییەکە سەفەری هیوستنی کردبوو، ئەوەی من دەیزانم ئەو پیاوە وەسیەتنامەی نەنووسیبوو، پێش مردنەکەشی شتێکی وای نەوتبوو، تا ئیمڕۆش دەرگەی ماڵەکەی لە عەمان داخراوە و چاوەڕوانی کەسوکارەکەی دەکات بێنە ئوردن و ماڵەکەی وەرگرنەوە. ئەو پیاوە لە ساڵی ١٩٩٥ لەو شارە ژیاوە و شارەکە و خەڵکەکەی خۆشویستووە و ئەوانیش خۆشیان ویستووە، بۆیەش کەسە دڵسۆزەکانی ئەو شارە حەز دەکەن ماڵەکەی بکرێتە مۆزە و هەموو کەرەستە و کتێبخانەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، وەک چۆن لە ئەسکەندرییە ماڵەکەی "کافافیس" کراوە بە مۆزە، بۆیەش نییەتی وایە ماڵەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، کەسانی دڵسۆزیش هەن دەیانەوێت مـاڵەکـەی بکرێتـەوە تا لە فـەوتان ڕزگـاری بکات، ئەوەی زانراوە دەزگـا فـەرمـییـە فەڵەستینییەکانیش دەیانەوێ ماڵەکەی بگوازنەوە بۆ "رام الله".

## ژیانی لە عەمان

غانم زریقات دەڵێ من مەحموود دەروێشم ئیقناع کردبوو بێت لە شاری عەمان بژێت، دیارە زۆرتر لەبەرئەوەی بوو کە ئەو شارە لە فەڵەستین نزیکبوو، کە سەرکردایەتی فەڵەستینی گەڕانەوە وڵات ئەویش بیری لەوە کردەوە چی تر لە پاریس نەژێت، ئەو زۆرتر



بیری له قاهیره دەکردەوه، بەڵام من دەمزانی عەمان لەو نزیکتر بوو، من به هاوڕێم دوکتۆر خالید کرکی گوتبوو، ئەوکات وەزیری راگەیاندن بوو، ئەویش بیرۆکەکەی لا باش بوو، ئەو و گەورە دەسەڵاتدارانی ئوردنی ئامادەیی پێشوازی گەرمیان نیشان دابوو، هەر وەکو تونس له عەمانیش شوقەیەکی سادەی هەبوو، ناکرێ مەحموود دەروێش کرێچی بێت، دەبێ شوقەیەکی خۆی هەبێت، ئەو چاوی لەوەش نەبوو وەک هەندێ له "پیاوه گوولەکان" خاوەن کۆشک و تەلار بێت، لەگەڵ بەڵێندەره ئوردنییه باشەکه "مروان العبداللات" باسی ئەو مەسەلەیەمان کرد، ئەو سوێندی خوارد کەوا دەبێ دەروێش رازی بکەن من شوقەیەکی به ناو دەکەم، دیاره کەوا مەحموود دەروێش ئەوەیانی قبووڵ نەدەکرد، بۆیه کە زانیی بیرۆکەکەی رەفز کردبوو، گوتبووی من به هیچ شێوەیەک دیاری جۆره قبووڵ ناکەم، مەسەلەکەمان بەوه کۆتایی پێ هێنا کەوا ئەو تەنیا پارەی تێچووی دروستکردنی شوقەکه بدات، که ماڵەکەمان بۆ دانا هەموو لایەکمان بەو بۆنەیه "العبداللات" لەسەر شەرەفی ئەو چەند کەسایەتی ئوردنی و کەسایەتی ناوداری داوەت کردبوو.

تاهیر ریاز دەڵێت:

دەروێش بۆیەش شاری عەمانی بۆ نیشتەجێبوو هەڵبژاردبوو، چونکه ئەو شاره شارێکی ئارام و شوێنێکی باش بوو بۆ ژیان و بۆ نووسین، هەر واش دەرچوو ئەو لەو شارەدا توانیی کاری زۆر باش بکات، ئێمەش چەند برادەرێک دەچووینه لای و جاروبار ئاوەدانییەکم بۆی دەرخساند. ژنه چیرۆکنووس "بەسمه نەسوور" دەڵێت:

ئەو لەبەر ئارامی و ئاسانی هاتوچۆیەکان ئەو شارەی هەڵبژارد، زۆریش خەڵکەکەی به خەڵکی باش شوبهاندبوو، چونکه ئەوان تەژییان کردبوو له ئەڤین و رێز، لەوەش کە نەیویستووه به چاوی رەحمەوه تەماشای بکەن، یان دەستی بگرن، له زۆریش له رێستورانتەکانی نانی خواردووه و له شەقامەکانیدا پیاسەی کردووه و بازاڕی کردووه و هەموولایەکیش به خۆشەویستی له ئامێزیان کردووه.

زوهێر ئەبو شایب دەڵێت:

هەستم دەکرد دەروێش لە عەمان ئاسوودە بوو، کۆمەڵە دۆستێک سەردانیان دەکرد، شوقەکەی وەک سەنتەرێکی رووناکبیری لێ هاتبوو، من لەوێ سەردانیم دەکرد، وەک خەڵکی دەڵێن ئەو دوورەپەرێز دەژیا وا نەبوو، کەسێکی ئاوەدان بوو، من کە دەچوومە لای هەستی بە بێزاری نەدەکرد، زۆریش داوای دەکرد من بەردەوام هاتوچۆی بکەم، زۆریش هەستم بەشەرم دەکرد کە بۆم نەدەکرا سەردانی بکەم و کەم کەم دەردەکەوتم.!

جارێکیان لەگەڵ دەروێش لە رێستورانتێک بووم، مەلیک حوسین هاتووەتە رێستورانتەکە، یەکسەر هاتووەتە لای دەروێش و پێی گوتووە، سڵاو لە شاعیری گەورەمان

رائید عسفوریش رای وابوو، ئەویش گوتوویەتی:

ئەو زۆر حەزی لە عەمان کردووە. هەستی دەکرد ئەو شارە لە فەڵەستین نزیکە، کەم دەجووڵایەوە، لە رێستورانتەکانی نانی دەخوارد، لە ئێوارە کۆڕەکان بەشداریی دەکرد، حەزی بەنمایشی پێشانگە هونەرییەکان بوو.

عەلی حەلیلە دەڵێت:

ئەو لە عەمان هەستی بە تەنیایی نەکردووە، برادەری زۆری هەبوو، ئەندامێکی سەرەکیی خێزانەکەمان بوو، بۆیەش بە کۆچەکەی زۆر دڵتەنگ و خەمباربووین، لە ئێمە رۆیشت. ئەو لەسەر ئاستی رەسمیش رێزی گیراوە، پاسپۆرتی ئوردنی و ژمارەی نیشتمانی پێ دراوە، واتە رەگەزنامەیەکی تەواوی هەبووە. سەبارەت بە ژیانی لە عەمان غانم زریقات زۆرتری لەلایە و دەڵێت:

دەروێش هەرگیز شەوانە لەلای کەس نەدەمایەوە، حەزیشی نەدەکرد کەس لە شوقەکەی شەوانە لەگەڵیدا بمێنێتەوە، بەڵام جاروبار ئەو کەسانەی لە فەڵەستینەوە میوانی دەبوون، ئەوەش بە دەگمەن بوو

ئەو وەک چۆن لە بەیروت و لە پاریس و لە قاهیرە ژیاوە، بە هەمان شێوەش لە عەمان ژیاوە، بەڵام لەو شارە زۆرتر کاتی بە کارکردن بەڕێ کردووە، لە دیوانە چاپکراوەکانیدا دیارن، کە لە دەزگای "ریاض الريس" لە بەیروت چاپی

کردوون، لەوانە "الجدارية" ۲۰۰۰و "حالة حصار" ۲۰۰۲و "لا تعتذر عما فعلت" ۲۰۰٤و "كزهر اللوز أو أبعد" ۲۰۰٥و "في حضرة الغياب" ۲۰۰٦ و "أثر الفراشة" ۲۰۰۸، ئاشکرایە کەوا مەحموود دەروێش لە سەفەردا هیچ نانووسێت، بۆیە ئەو دیوانانەی هەموو لە نێوان عەمان و "رام الله" نووسراون، من لەو قسەیەی خۆشم دڵنیام، چونکە زۆری لە کارە نوێیەکانی بۆم دەخوێندەوە.

ئەوەی شایانی باسە مەحموود دەروێش لەسەر ئاستی بەرزی دەوڵەت رێزی گیرابوو، غانم بۆی گێرامەوە کەوا جارێکیان لەگەڵ دەروێش لە رێستورانتێک بووم، مەلیک حوسێن هاتووەتە رێستورانتەکە، یەکسەر هاتووەتە لای دەروێش و پێی گوتووە، سڵاو لە شاعیری گەورەمان! جارێکیش شازادە "عالیە"یش لە رۆژانی فیستڤاڵی جرش لە کۆشک داوەتی کردبوو، دیارە کەوا شاژن "رانيا العبدالله" دیوانە شیعرییەکانی خوێندووەتەوە، بۆیەش لە نامەیەکدا کە بۆی ناردبوو سەرسامی خۆی بە شیعرەکانی و بە ئەزموونەکەی دەربڕیوە.

## رۆژانە و سرووت "طقوس"ی نووسین و ژیانی

مەحموود دەروێش سرووت و ترادیسیۆنی تایبەتی رۆژانەی هەبوو، حەزی نەدەکرد کەس بیپچڕێنێت، بە تایبەتی لە کاتی نووسین و خوێندنەوەکانیدا، ئەو بەتەنیا لە شوقەکەی دەژیا، ئەگەرچی دوو جار ژنی هێنابوو، بەڵام پرۆسەکەی بەردەوام نەبووە و جیابووەتەوە، دواجار لە ساڵی ۱۹۸٤ لە ڤییەنا لە ژنە میسرییەکەی جیادەبێتەوە، پرۆسەکە تەمەنی کورت بوو. ژنە فلیپینییە خزمەتکارەکەشی رۆژانە لە نێوان سەعات ۱۲ی نیوەڕۆ تا پێنجی ئێوارە ماڵەکەی بۆ پاک دەکردەوە و کاروباری رۆژانەی بۆ جێبەجێ دەکرد. تاهیر ریاز گوتوویەتی:

دەروێش هەرگیز شەوانە لەلای کەس نەدەمایەوە، حەزیشی نەدەکرد کەس لە شوقەکەی شەوانە لەگەڵیدا بمێنێتەوە، بەڵام جاروبار ئەو کەسانەی لە فەڵەستینەوە میوانی دەبوون، ئەوەش بە دەگمەن بوو، بۆیان ساز دەبوو شەو لە شوقەکەی ئەو دەنووستن. شەوانە تا دوازدەی شەو نەدەمایەوە و زووتر دەنووست، بەیانیان سەعات هەشت تا نۆی بەیانی بە ئاگابوو، خۆی دەشووشت و ریشی دەتاشی و قاوەی بەیانیانی دەخواردەوە، جوانترین جلوبەرگ و پێڵاوی لەبەرکردووە، وا خۆی نیشان دەدا لە شوێنێکی فەرمی کارێکی هەیە، بەو شێوەیە لەسەر دەزگاکەی دادەنیشت و چاوەڕوانی ئیلهامی نووسینی دەکرد، یان لە چاوەڕوانی وەرگرتنی سرووشێکدا خۆی مات کردووە، رۆژانە یەک لاپەڕە یان چەند

لاپەڕەیەکی نووسـیوە، یان هیـچی نەیدەنووسـیوە، دەینووسی یان نەینـووسـیوە ئەو ڕۆژانە تەقسـەکەی بەو شـێوەیە بووە، بەرنامـەکەشـی زۆر بە پیرۆزی پاراسـتووە، بۆیەش ئێمـە ئەو دەمـانە پێـوەندییـمـان پێـوە نـەدەکرد، تا هـەراسـانی نەکـەین، زۆرتر پێوەندییـەکانمان پاش نیوەڕۆ یان ئێوارەکان دەبوو.

غانم زریقاتی هاوڕێ و هاوسێی ماڵەکەی دەڵێت:

من زۆر جـار سـرووتە ناسـک و ڕێکوپێکەکـانـی ئەوم دەشکاند، ڕۆژێکیـان بەفـرێکی زۆر باریبـوو شـەقـامـەکان هـەمـوو گیـرابوون، سـەعات نۆ و نیـوی بەیانی لە دەرگەم دا، زانی منم وەڵامی دامەوە و گوتی:

لەو دەمانەدا چی تۆی هێنا...؟

ئەو زۆر بە زەنگی تەلەفۆنەکانی بەیانی سـەخڵـەت دەبوو، بۆیە بەیانییـەکیـان تەلەفۆنم بۆ کرد لە وەڵامدا گوتی:

ها ... هێشتا ماوم و نەمردووم!

شـوقـەکـەی مـەحمـوود دەروێش سـێ کلیلی هـەبوو، یەکێکیـان لەلای خـۆی بوو، دووەمـیـان لەلای عـەلی حەلیلـە بوو، سێیەمیشیـان لەلای ژنە فلیپینییە خزمـەتکارەکە بوو، بە قسـەی "تاهـیـر ریاز" دەروێش لـەوە دەترسـا ڕۆژێک بە تەنیـا بمرێت، بـەڵام کـەس هـەسـتـی بەوە نەدەکرد، کە تـەمـەنی گەیشـتە شـەست سـاڵ، پرسـیم لەو تەمەنـە حەز ناکەیت چی تر تەنیا نەژیت، بـۆ نموونە ژنیک بۆ خـۆت بـهـێنە، ئـەو لە وەڵامـدا وتـبـووی، بە راسـتـی تەمـەن کـە گەیشتە شـەست سالی، ترسناک دەبێت، با بزانین چی دەبێت.! لەو دەمەدا گوتبووی:

من دانەیەکی کلیلەکـەم بە عـەلی و ژنـە فـیلپـینیـیـەکە داوە، ڕەنـگە ڕۆژێکیـان من نەتوانم وڵامـیـان بدەمـەوە، یان بە ئاسـانـی و زوو دەرگـەکـەم پێ نـەکردرێتـەوە، بۆیە کلیلم بەو دوو کەسـە داوە!

ئەو لەوە دەترسـا ئەوەی بەسـەر شـاعـیر مـوعین بسیسـو هـات بەسـەر ئەویش بێت، ئەو لە مردنی بە گازی سووتەمەنی دەترسا، یان دەترسا فڕنە کارەباییەکەی بیکوژێت...!

ڕۆژانە لە نێوان سـەعـات پێنج تا هەشـتـی ئێوارە هـەندێ لە برادەر و ئەدیبـەکـان سـەریان دەدا، پاش سـەعات هـەشت و تا ١١ی شـەویش پێشوازیی لە برادەرانی تر دەکرد، ڕۆژانەی هـەینییش لە مـاڵی عـەلی حـەلیلە نانی دەخـوارد و شـەمـووانیش لە مـاڵی غـانم زریقـات نانی دەخوارد.!

## یاری تاوڵە و ئارەزووەکانی

ڕۆژانە مەحموود دەروێش زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخان کردبوو، بەباشی زمانی عبری و ئینگلیزی و فەرەنسیشی دەزانی، حەزی لە مەلەوانی و یارییەکانی تری سپۆرت نەدەکرد، هەرگیز ئوتومبێلی لێ نەخوڕیوە، گوێی لە شاکاری مۆزیکای کلاسیکی خۆرئاوا دەگرت، وەک شاکارەکانی بیتهۆڤن و شایکۆفسکی، زۆریش لە کاتی نووسیندا گوێی لە مۆزیکا راگرتووە، ژمارەیەکی زۆری کاسێت و سیدی هەبوو، لە گۆرانییە عەرەبییەکانی گوێی لە گۆرانییەکانی محەمەد عەبدولوەهاب و ئوم کەلسوم و عەبدلحەلیم حافز گرتووە، بەقسەی عەلی دەروێش سەیری زنجیرە دراما عەرەبییە مێژووییەکانی کردووە، تاهیر دەڵێت: دەروێش حەزی لە یاری تاوڵە کردووە، لەگەڵ غالب زریقات زۆر بەیەکەوە زاریان هەڵداوە و یارییان کردووە، زۆرباش لەگەڵ یارییەکان وەک منالێکی گچکە ئاوێتە دەبوو، چاک سەرقاڵ دەبوو، دەیکردە بەزمێک و دەنگی زۆر دەهات، لە مانگی رەمەزانانیش زۆر سەیری زەنجیرە دراما سورییەکانی کردووە، رۆژی وا هەبوو سەیری چوار درامای کردووە، دراماکانی دەرهێنەر "حاتەم عەلی" لا مەبەست بوو، یان ئەوانەی لە نووسینی "وەلید سەیف"ن.

ژمارەیەکی زۆری کاسێت و سیدی هەبوو، لە گۆرانییە عەرەبییەکانی گوێی لە گۆرانییەکانی محەمەد عەبدولوەهاب و ئوم کەلسوم و عەبدلحەلیم حافز گرتووە

بەسمە نەسوور دەڵێت:

ئەو لەگەڵ هاوڕێی تەمەن و هاوسێیەکەی، غانم زریقات لە ماڵە گچکە و رێکوپێکەکە ئێواران خۆشیان رادەبوارد، ئێمەش زۆر جار چاوەڕوانی ئەنجامی یارییەکانی تاوڵەی ئەو دوو برادەرەمان دەکرد، ئەگەرچی ئەو لەو یارییەدا زۆر کۆن نەبوو، لەو دواییانەدا غانم فێری کردبوو، بەڵام کە لە مامۆستاکەی دەبردەوە زۆر کەیفی خۆش دەبوو، بەڵام غانم

لە رۆژانی دوایی ژیانیدا ئەو هەموو کەرەستەی ناو ماڵەکەی گۆڕیبوو، حەزی کردبوو رەنگەکان کراوە و کەسک بن

زۆر جـار وتوويەتـی، من دڵم بەو دەسـوتا بۆیە بەخـۆم دەدۆڕاند، لە دوا رۆژەکـانی پێش سـەفـەرەکـەشی لە غـانمی بردەوە و دڵی بەو بردنەوەیەش خـۆش بـوو، بۆیە وتبـووی، غـانم سەیربکە، ئەگەر شاگرد لە مامۆستاکەی زیرەکتر نەبووایە، ئەوا ئەفلاتۆن و سوقرات پەیدا نەدەبوون.!

## قاوەی خۆش و کابانی دەستڕەنگین

میوانەکانی دەروێش دەڵێن، ئەو بەدەسـتی خۆی قـاوەی بۆ سـاز کردوون، لەوانە "جـریس سـەماوی" دەڵێت:

کە لە ماڵەکەی سەردانمان دەکرد، ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی بەدەستی خۆی قاوەمان بۆ سـاز بکات، خـۆشی خزمـەتی دەکـردین، وا دەزانم دەقێکی جوانی لەسـەر قـاوە هەیە، ئەودەمـانـەی لە بەیروت شـەڕەکـانـی ناوەخۆ گەرم و دژواربوون، چێشـتخـانـەکەی رووی لە دەرەوەبووە، لەسـەرشـەقـام بووە، ئەگـەری پێکانی زۆر بووە، بەڵام ئەو بۆ قـاوەلێنان و سـازکـردنەکـەی گـوێی پێ نەداوە و گـیـانبـازی کـردووە و زۆریش بایەخی بە کـوڵانە و دێمـدانـەکـەی قـاوەکـەی داوە و چاوەڕوانی کـردووە، هەر لەو دەقـەشـیـدا باسی بۆن و سرووتەکانی قاوە خواردنەوەشی کردووە. تاهیر ریاز دەڵێت:

ئەو پیـاوە لە چێشـتلێنان کـابان بوو، زۆر نیـوەڕۆیان بەخـواردنی دەستی خـۆی منی لە مـاڵەوە داوەت کـردووە، ئەو سـێ جـۆرە خـواردنی چاک سـاز کـردووە، لەوانـە مـەلوخـیـە و فاسولیای سپی و بامیا، دەیزانی کام پارچە و کام جۆر گۆشتیان لەگەڵدا بەکار دەهێنێت، دەیزانی پلەی گـەرمـایی چەند چێشـتـەکـەی بۆ دەکـوڵێنێت، کـام جـۆرە بەهارات بەکـار دەهێنێت، خوێ و سیر و شتەکانی تر چەند و کەی دادەنێت، ئەو ژەمی خواردنی "المنسف" زۆر لەلا بەتـام و مـەبەسـت بووە، خـەڵکی بەو خـواردنە داوەت دەکـرد و ئەو خـواردنـەشی لە میوانداریەکان مەبەستبوو، عەلی حەلیلەش دەڵێ، ئەو حەزی لە ماسی و ستیکیش هەبوو.!

## نزیکبوونەوە لە جیهانی دەروێش

عـەلی حـەلیلە دەڵێت، هـاوڕێیـەتی من و دەروێش زۆر کـۆنە، من لە قـاهیـرە ئەندازەی مـەدەنیم لە زانکۆی "عين الشـمس" دەخوێند، ئەو لە مۆسکۆوە هاتبووە قـاهیرە، لە مـاڵی پاشـای ستران و گۆرانی عەبدولهادی لە گەڕەکی جادرن ستی لە ساڵی ١٩٧٠ دیمانـەمان بوو، ئەو مـاڵە بۆ فـەڵەسـتینی و ئوردنییـەکان سـەنتـەر بوو، چوار سـاڵ لەوێ دیمانە دەبوو،

بەڵام ئەو رۆیشت بۆ بەیروت و منیش گەڕامەوە عەمان، لە رۆژانی شەڕەکاندا ئاسان نەبوو یەکتری ببینین، بەڵام کە لە کۆتاییی ساڵی ١٩٩٥ هاتە عەمان تا دوارۆژی ژیانی هاوڕێم بوو، زۆریش پێوەندییەکەمان بەهێز و بەخۆشی بوو.

مەحموود دەروێش کەسێکی خۆشەویست و دڵگەورە و دڵۆڤان بوو بەرامبەر هەموو کەس، زۆریش بەڕێز بوو، لەبەرئەوەی کەسێکی شەرمن بوو، بۆیە کەم دیمانەی کۆمەڵایەتی دەبوو، ئەگەر ئامادەبووان لە شەش کەس زۆرتر بووایە ئەو دوور دەکەوتەوە، حەزی لە مەراسیمی ئاهەنگی گەورە و کۆبوونەوەی قەرەباڵغ نەدەکرد. ئەو لە ژیانی خۆیدا لە خواردن و خواردنەوە و دانوستانەکانیدا هاوسەنگ و یەک ئاست بوو، دڵی لێبووردنی گەورەبوو، نەیاریی کەسی نەدەویست، زۆرکەم من بیستوومە گازاندەی لە شاعیرێک یان کەسێکی تر کردبێت، باسی خەڵکی نەدەکرد، زۆریش کەسێکی بەخشندە بوو، زۆریش هاوڕێیەکانی داوەت دەکرد، زۆریش رێستورانتی "برج الحمام"ی لە هوتێلی ئەنتەرکۆنتنتال لا خۆش بوو، رۆژانی هەینیش لە ماڵی ئێمە دەبوو. لە سەر ئاستی جیهانیش ناسرابوو، زۆر لە پاشا و سەرۆکەکانی جیهان پێشوازییان کردووە، لەوانە شاژنی هۆڵەندا و شای مەغریب و سەرۆک وەزیرانی فەڕەنسی و تونسی و زۆری تریش...

تاهیر ریاز سەبارەت بەپێوەندی بە دەروێش دەڵێت:

دۆستایەتی ئێمە برایانە و خێزانی بوو، من یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٣ لە پاریس ئەوم لە ماڵی خوالێخۆشبوو جەمیل حەتمل ناسی ، کە لە ناوەندەی نەوەدەکان هاتە عەمان پێوەندیی پێوە گرتم، واتە پێش نووسینی دیواربەندییەکەی، کە لە شوقەکەی ئێستای لە "عبدون" نیشتەجێ بوو، سەردانم کرد، من سەردانم کردووە، یان دەچووم و دەمبردەوە ماڵەوە، یان لە یەکێک لە رێستورانتی هوتێلە گەورەکان دادەنیشتین، بەیەکەوەش دەچووینە پێشانگەکان، لەبەرئەوەی خەڵکی زۆریش لێی کۆ دەبوونەوە، بۆیە نەدەکرا بچینە گەڕەکە میللییەکان، دیارە ئەوەش هەراسانی دەکرد، دۆستایەتییەکەمان تا دواشەوەکەی لە ئوردنەوە سەفەری کۆتاییی ئەمریکای کرد بە گەرمی مایەوە، زۆر بابەت و لایەنی نهێنی بۆم باس کرد، هەر دەیگوت، با ئەوانە لەلای خۆت بمێنێتەوە، ناکرێ ئەوانە بڵاو بکرێنەوە، زۆریش داوام دەکرد با کەمێک لەو قسانە تۆمار بکەین، بەڵام ئەو زۆر سووربوو لەسەر ئەوەی ناکرێ شتە تایبەتییەکانی ئەو بزاندرێت، منیش پێم دەگوت، زۆر لە گەورە نووسەرانی جیهانی باسی زۆر لایەنی شاراوەی خۆیان کردووە و دانیان بەزۆر نهێنی و پێوەندییە سیاسییەکان و دۆستایەتییان بەژنانەوە ناوە، بەڵام ئەو دەیگوت، ئەوانە بۆ

بڵاوکردنەوە نابن، لاپەڕە تایبەتییەکانی ئەو ناکرێ خەڵک بیزانێت. لە ڕۆژانی دوایی ژیانیدا ئەو هەموو کەرەستەی ناو ماڵەکەی گۆڕیبوو، حەزی کردبوو ڕەنگەکان کراوە و کەسک بن، هەستم دەکرد بە دیدێکی ڕەنگینەوە سەیری ژیانی دەکرد، بەشێکی زۆری کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەی بەخشی بە هاوڕێیەکانی، ئەو دەیویست تەنیا ١٠٠ کتێبێکی لە ناو کتێبخانەکەیدا هەبێت، تەنیا کتێبە زۆر پێویستەکانی دەویست. بەسمە نەسووریش دەڵێت:

کە مەحموود دەروێش لە ناوەندی نەوەدەکان گەیشتە عەمان من زوو گەیشتمە لای، دیمانەمان لە بۆنە و کۆڕەکان زۆر دەبوو، هەستم دەکرد من پیاوێکم ناسیوە ئاسایی نییە، سروشت بڵێسەیەکی بەو بەخشیوە، ئەو خودان هەیبەتێکی گونجاوبوو، وزەیەکی ڕوحی تایبەتی هەبوو، ئەو دەیتوانی بە ئاسانی باندۆری لەسەر چواردەورەکەی هەبێت، ئامادەبوونێکی بەهێزی هەبوو، بۆیەش زوو و زۆریش سەرنجەکانی بە ڕووی دەهاتن، ئەوەشی خۆڕسک بوو، ئەوەی زۆر منی سەرسام کردبوو، کابرایەک بوو ڕامانی خێرا و زانینی قووڵی هەبوو، خوێنشیرین، زۆریش بە ڕەوشت بوو، لەگەڵ بەرامبەرەکەی دەمشیرین و قسەزان بوو، یەکێک لە ڕەوشتە جوانەکانی کە من زۆرم لا جوان بوو ئەو کەسێکی بەرێز بوو، ڕێزی شاعیرە گەنجەکانی دەگرت، کە هەستی دەکرد دەنگێکی تایبەتی داهێنەر پەیدابووە، دڵی خۆش دەبوو، سەرسامی خۆی بە دەقە جوانەکان دەردەبڕی، زۆر جار بە بۆچوونە جوانەکانی سەبارەت بە چیرۆکەکانم هەستم بە غرورێکی پیرۆز دەکرد، زۆر دڵی خۆش دەکردم. سادەییەکانی جوان بوو، بۆنی مناڵی پێوەبوو، بە وردی گوێی لە قسەکردنی بەرامبەرەکەی ڕادەگرت، خۆی وەک بیرمەندێک نیشان نەدەدا، وەک دەگوترا خۆی بە مامۆستا نیشان داوە، ئەوەیان دوورە لە ڕاستی، ئەو پیاوێکی سادەبوو.

جریس سەماوی سەبارەت بە مەحموود دەروێش گوتوویەتی:

ئەو نەیدەویست ناوی لە دەرەوەی بازنەی شیعر بەکار بێت، سەبارەت بە کێشەی فەڵەستینیش ئەگەر بۆچوونێک دوور بووایە لە دیدی ئەو زۆر کەللەڕەق بوو، بە ڕووی نەیارەکانی توند و دژوار بوو، نەیدەیویست لەسەر کەس و هیچ لایەنێک حیساب بکرێت، ئەوە دەیویست و مەبەستی بوو تەنیا لەسەر شیعر حیساب بکرێت، ئەو خۆی لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی دەزانی، شیعرەکانی لەسەر ئاستی شیعری جیهانی پێناسە بکرێت، کەسێکی ناوچەیی نەبوو، خۆی بە کوڕی شیعری جیهانی دەزانی، زۆریش شاری عەمانی خۆش دەویست، بەردەوام گوتوویەتی، من تەنیا لەو شارە دەتوانم بە ئازادی خۆم

بسوورێمەوە و ترسم نەبێت، هەموو خەڵکی خۆش دەویست، وەک من دەمزانی لە عەمان پێوەندییەکانی سنووردار بوو، لە هونەرەکانی تریش زیرەک و شارەزابوو، بە تایبەتی لە مۆزیکا، گوێگرێکی باش بوو، زیرەکانەش گفتوگۆی دەکرد.

زوهێر ئەبو شایب بەو شێوەیە پێناسەی جیهانی مەحموود دەروێش دەکات:

**عەرەب بۆ یەکەم جار شاعیرێکی گەورەی وەک دەروێشی بە جیهانی گەورە ناساند**

دەزگای شومان لە جرش کۆڕە شیعرییەکەی ڕێک خستبوو، لەوێ من و دەروێش و یوسف ئەبو لوز شیعرمان خوێندەوە، لەوێ لە ڕووی ڕاستەقینەی ئەو حاڵی بووم، مەزندە کۆنەکەم لەسەری نەما، وام دەزانی ئەو کەسێکی هەوا بەرزو تووڕەیە و زوو هەڵدەچێت، بەڵام بە شێوەیەکی پێچەوانەی پێناسەکان بوو کە باسیان دەکرد، لە دانیشتنێکی تایبەتیدا لە ماڵی سەفیری تونسی لە عەمان حاتەم بن عوسمان و بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هونەرمەندان و نووسەرانی ئوردنی، مەحموود دەروێش بەگاڵتە و بەزمی خۆش کەشەکەی خۆش و گەرم کرد، لەوێ یەک لە ئەکتەرە ژنەکان گوتبووی، من ئەو بۆچوونەی لەسەر تۆم هەبوو، کە تۆ پیاوێکی ڕوحگەورە و هەوابەرزی نەما، دیارە کە چەند کەسێکی ناسک و خۆش مەجلیسی، لەکۆڕێکدا ئەوەندە لێت تووڕەبووم کە تۆم بینی سڵاویشت لە ئامادەبووان نەکرد، ئەویش بە ژنەکەی گوتبوو، ڕاستە لەوێ لە ترسانا ئاگام لە خۆم نەبوو، ئەودەمانە من هوشیار نەبووم.

**ئەگەر لە مەسەلەی داهێنەرە مەزنەکەی ئەو دوور بکەوینەوە، ئەو پیاوێکی ئاساییە و شەیدای فوتبۆڵ و درامی سوریی بوو**

ئەو وەک شیعرەکانی جوان بوو، کە بینیم لە ڕۆژی مردنەکە خەڵکە گریاوەکەم بینی، تێگەیشتم ئەوانە بۆ بەشە جوانەکەی ئەو دەگریان، دەزانم کەسانێک هەن، بەرامبەر ئەو هەستیارن، ئەوانە حەقیان بوو، بەڵام ئەوەیانم قبووڵ نییە، ئەگەر یەکێک هەبێت ڕقی لەو بێت، ئەو پیاوێکی زۆر

بەخشندەبوو، هەرگیز قبووڵی نەبوو کەس پارەی خواردنی ڕێستورانتی لە جیاتی بدات، لە ماڵەکەی بە دەستی خۆی خزمەتی میوانەکانی دەکرد، بە دەستی خۆی قاوەی ساز دەکرد، بە خۆشی لە پێشیانی دادەنا. زوهێر ئەبو شایب بە دڵنیاییەوە – دەڵێت:

عەرەب بۆ یەکەم جار شاعیرێکی گەورەی وەک دەروێشی بە جیهانی گەورە ناساند، ڕەنگە هەزار ساڵی تر چاوەڕوان بن تا شاعیرێکی تری گەورەمان لە ناو دروست دەبێتەوە، سیاسەتمەدارەکان ناوی ئەویان بۆ ناوداری خۆیان بەکار دەهێنا، نەک بە پێچەوانە، ڕۆژانە میدیای ئوردنی دەخوێندەوە، ئەو کتێبانەی پێشکێشی دەکران، هەمووی دەخوێندەوە، بۆچوونی خۆشی لەسەریان هەبوو، ئەو شاعیرانەی خۆشیان دەویست، یان ئەوانەی ڕقیان لەو بوو، کۆکبوون لەسەرئەوەی ئەو شاعیری لووتکە و ئەستێرەبوو، بەنزیکبوونەوەی لەو ئاستە هێشتا ئەگەری ڕەشکردنەوەی بەرامبەرەکەی نەبوو، دوورکەوتنەوەش لەو هەمان ئاراستەی نیشان دەدا، ئەوانەی ڕقیان لەو بوو، نیەتی تایبەتیان هەبوو، ناوداری و شیعرەکانیان تێکەڵ دەکرد.

دووبارە بەسمە نەسوور باسی جیهانی مەحموود دەروێشمان بۆ دەکات:

نزیکبوونەوە لە ئاستی مرۆیانەی ئەو، وەک دۆزینەوەی گەنجینەیەکە لە سەرسامی، لە جیهانی ئەودا چەندین ئاستی هەوراز و نشێو و پێکهاتەیی دەدۆزرێتەوە، ئەگەر لە مەسەلەی داهێنەرە مەزنەکەی ئەو دوور بکەوینەوە، ئەو پیاوێکی ئاساییە و شەیدای فوتبۆڵ و درامی سوریی بوو، تەنیا لەلای ئەو پیاوە دەکرا فنجانە قاوەی زۆر خۆش بخورێتەوە، ئەو پیاوە زۆر تامی لە خواردن وەردەگرت، زەوقی خواردن لەلای ئەو لە جۆری یەکەم بوو، ئەو زۆر حەزی لە "المنسف"ی ئوردنی بوو، هەموولایەک ئەوە چاک دەزانن کەوا ئەو زۆر شەیدای خواردنی خۆش بوو، لە گێڕانەوەی نوکتەش وەستابوو، ئەو نوکتە کۆنەکانیشی زۆر بە تام و بە خۆشی دەگێڕایەوە، ئەگەر نوکتەکەت زووتریش بیستبووایە، ئەوە ئەو تۆی دەخستەوە پێکەنین، ئەگەرچی ناسینی ئەو پلە و ئاستی بەرزی هەیە، بەڵام دەڵێم لەبەرئەوەی زوو مرد، بۆیە بریا نەمناسیبایە، چونکە ئاوا هەستم بەزیان و کوشندەیی کۆچەکە نەدەکرد.

*ئەو بابەتە بەشێکە لە دۆسیەیەک کە لە چلەی ماتەمی مەحموود دروێش لە ڕۆژنامەی "القدس العربي" لە ڕۆژانی ٢٠ و ٢١ی سپتەمبەری ٢٠٠٨ لە لەندەن بڵاو کراوەتەوە.*

Sherzad.heini@gmail.com